# دیباچە

لەبەر ئەوەی دان پێدانانی سەربەرزی ڕەگداکوتاو و مافی‌پایەدارو وەک یەکی هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی بناغەی ئازادی‌و دادو ئاشتی‌یە لە جیهاندا، لەبەرئەوەی پشت‌گوێ خستنی مافی‌مرۆڤو ڕێز لە نەگرتنی بوونەتە هۆی کاری دڕندانەی وا کە ئازاری ویژدانی‌مرۆڤی داوەو، ئاواتی بەرزی خەڵک بە شتی ئەوەبووە جیهانێک پەیدابێ کە مرۆڤ تێیدا ئازادی قسەوباوەریان هەبێ‌و لە ترس ونەبوونی رزگاربن.

لە بەر ئەوەی پێویستەمافی مرۆڤ بە بنەمای قانون بپارێزرێ، تاکوو مرۆڤ ناچار نەکرێ، وەک دوایین داڵدە، پەنا بباتە بباتە بەر یاخیبوون دژی زۆرداری و چەوساندنەوە؛

لەبەر ئەوەی گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەپەیمانەکەدا بڕوای خۆیان جەخت‌کردووتەوە سەبارەت بەمافە بنەڕەتیەکانی‌مرۆڤ. بەسەربەرزی و نرخی تاکەکەس‌و بە مافی یەکسانی پیاوان‌و ژنان‌و بڕیاریان داوە پشتگیری پێشکەوتنی‌کۆمەڵایەتی‌و پلەیەکی باشتری‌گوزەران لە سایەی ئازادیی فراوانتر دا بکەن؛

لە بەرئەوەی دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیان داوە کە بە هاوکاری نەتەوەیە کگرتووەکان کار بکەن بۆ پێشخستنی ریزگرتن‌و چاوەدێریکردنێکی گشت‌لایەنەی مافەکانی مرۆڤ گشت لایەنەی مافەکانی مرۆڤو ئازادی‌یە بن‌چینەیی‌یەکان؛

لەبەر ئەوەی تێگەییشتنی گشتی لەم مافو ئازادییانە گەورەترین بایەخی هەیە بۆ تەواو وەدیهێنانی ئەو پەیماندانە؛

## ئەنجوومەنی گشتی ئەم راکەیاندنە جیهانییەی مرۆڤ جار دەدات

وەک‌ئاستێکی هاوبەشی کە دەبێ ئامانجی هەموو گەل‌و نەتەوەیەک بێت‌و گشت‌تاکەکەس و دەستەیەکی کۆمەڵگەش هەموو دەم ئەم بانگەوازەلەبەر چاوبگرن‌ولەرێگەی بار هێنان‌و خوێندن و پەروەردە تێبکۆشن بۆ چەسباندنی رێزی ئەم ماف و ئازادی‌یانە و کۆشش‌و تەقەللای نەتەوەیی‌و جیهانی زێتر بکرێت و دابین‌و مسۆگەرکردنی رێز لێ گرتن و دان

پێدانان و پەیرەوکردنی بەشێوەیەکی جیهانیو کاریگەر  لە نێو خودی دەولەتانی ئەندام و گەلانی بن دەستی خۆیاندا.

بەندی ١
هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک دەبن و یەکسانیش لە نرخ و پایە و ماف دا ، عەقل و پێ بەخشراوە و دەبێ بە روحێکی برایانە رەفتارو هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکدیدا بکەن.

بەندی ٢
١. هەموو مرۆڤێک بە بێ هیچ جیاوازییەک ، وەکو جیاوازی بەهۆی رەگەز، رەنگ، جنس، زمان ، ئایین، بیر و ڕای سیاسی یان هەر ڕایەکی دیکە و بنەچەو بنەمای نیشتمانی ، کۆمەڵایەتی، داراییو لە دایک بوون یان هەر شتێکی دیکە ، شیاویسوود وەرگرتنە لە تەواوی ئەو مافو ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون.

٢. سەرەڕای ئەوانەش نابێ پایەت سیاسی ، قانوونی یان نێو نەتەوەیی ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیەی کە مرۆڤەکەی لێوە دێت، بکرێتە باغەی هیچ جۆرە جیاوازییەک،ئیدی ئەگەر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەر بەخۆ بوو یان لە سایەو لەژێرچاوەدێریدا بوو یان خاوەنی ئۆتۆنۆمینەبوو یانسەروەریو سەربەخۆییەکەیگرێدراوی هەرچەشنە مەرجو بەندێک بوو.

بەندی ٣
هەموو کەسێک مافی ژیانو ئازادیو ئاسایشی خۆی هەیە.

بەندی ٤

نابێتهیچ کەسێکبکرێتبە کۆیلەو بە نۆکەر بگیرێتو هەموو چەشنەکۆیلەیەتیوبازرگانی بازرگانی کۆیلەیەک قەدەخەیە.

بەندی ٥
هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجەو سزانادرێت و رەفتاری توندو تیژو دڕندانەوئاوڕوو بەریلەگەڵ ناکرێت.
بەندی ٦
هەرکەسێک لە هەر شوێنێک بێت، مافی دانپێدانانی کەسایەتی قانوونی هەیە.

بەندی ٧

هەموو مرۆڤان لە بەردەم قانووندا یەکسانن‌و مافی ئەوەشیان هەیە کە چوونیەک وبێ جیاوازی‌لەلایان قانونەوە بپارێزرێن. هەروەها هەموویش مافی پاراستنی یەکسانیان دژ بە هەموو جیاوازیەک کەبە پێچەوانەی ئەم بانگەوازەوە بێت هەیە،ودژ بە هەر هاندان‌و ئاژاوە نانەوەیەکیشە کە ئاوها جیاوازییەک ڕەچاو دەکات.

بەندی ٨

هەمووکەسێک‌بۆداوەری‌کردن‌و پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی‌کەقانون ودەستور پێی داوە، لە دەستدرێژی کردنە سەر، مافی پەنا بردنە بەر دادگە نیشتیمانییەکانی هەیە.

بەندی ٩

هیچ مرۆڤێک نابێت بە شێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، دەست بە سەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە.

بەندی ١٠

هەموو مرۆڤێک بە تەواوی یەکسانی لە گەڵ ئەوانی دیکەدا ، بۆ جویکردنەوەی مافو ئەرکەکانی‌و هەر جۆرەتاوانێک کە وەئەستۆی دەخرێ، مافی ئەوەی‌هەیە کەکێشەکەی بە شێوەیەکی ڕەواو ئاشکرا لە لایەن دادگەیەکی سەربەخۆ و بێ‌لایەنەوە ببینرێ.

بەندی ١١

١. هەموو مرۆڤێکی تاوانبار کراو بە تاوانێک، بێ‌گوناهە؛ تاکوو لەدادگایەکی ئاشکرا دا کە هەمووهەل‌ومەرجێکی پێویستی‌داوکی‌لەخۆکردنی‌بۆ دابین دەکا، بەپێی‌قانوون تاوانەکەی قانوون تاوانەکەی دەسەلمێندرێت.

٢. هیچ‌کەسێک‌سزانادرێت‌لەبەر کردن‌یان نەکردنی کارێک‌کەکاتی‌پێ‌هەستانی‌بە گوێرەی قانوونی نەتەوەیی یان نێو نەتەوەیی تاوان نەبوبێت. هەروەها نابێت سزایەکی توندتر لەو سزایە بدرێت کەلەکاتی کردنی‌دا دەدرا.

بەندی ١٢

نابێت‌ژیانی‌تایبەتی‌وخێزان‌وماڵ‌ونامەگۆرینەوەی‌هیچ‌کەسێک بە ڕەمەکی‌دەست تێوەردان

ببێتو ئاوڕوو نێو بانگیشی وەبەرپەلاماربکەوێت، هەمووکەسیش مافیخۆپاراستنیقانوونی لەو جۆرەدەستێوەردانوپەلاماردانەهەیە.

بەندی ١٣

١- هەموو کەسێک ئازادیهاتنو چوونوهەڵبژاردنی شۆێنینیشتەجێبوونیلەنێو سنووری هەر دەولەتێکداهەیە.

٢. هەموو کەسێک مافی بە جێهێشتنو بۆ گەڕانەوەی هەر وڵاتێکی، تەنانەت وڵاتەکەی خۆشیهەیە.

بەندی ١٤

١. هەموو کەسێکی لە چەوساندنەوە هەڵاتوو مافی پەنابردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنابردنە بەر وڵاتێکی دیکەی هەیە.

٢. کەسێککەبە تاوانی ناسیاسی یان کردەوەی نەگونجاو لە گەڵ مەبەستوپرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا درابێتە دادگا، سوود لەم مافەوەرناگرێت.

بەندی ١٥

١. هەموو کەسێک مافی هاو نیشتیمانێت هەیە.

٢. نابێت بە زۆر هاونیشتیمانێتی لە کەسێک بستێندرێتەوە یان مافی گۆڕینی نەدرێتێ.

بەندی ١٦

پیاو و ژنی ڕەسیو مافی ژنومێردیتی و دامەزراندنی خێزانیان هەیە، بێ گوێدانەڕەگەزو نەتەوەو ئایین، و کاتێک دەبنە ژنو مێردو کاتی ژنو مێردێتیو کاتی تێکچوونیشی مافی یەکسانیان هەیە.

٢. مارەبڕین تەنێ بە قایلبوونو سەربە ستی تەواوی ژنومێردەوە دەکرێت.

٣. خێزان یەکەیەکیسروشتیوبنەڕەتیکۆمەڵگەیەومافیئەوەیهەیەکە لەلایەنکۆمەڵگەو دەوڵەتەوە بپارێزرێ.

بەندی ١٧
١. هەمووکەسێک چ بەتەنێ یان بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا مافی‌موڵکداری‌هەیە.

٢. نابێت بە ڕەمەکی موڵک لەهیچ‌کەسێک بستێندرێتەوە.

بەندی ١٨
هەموو کەسێک مافی ئازادی بیرکردنەوەو ویژدانی هەیە، ئەم مافە ئازادی‌گۆڕینی ئایین‌و بڕوا دەگرێتەوەومرۆڤ‌لە دەربڕینی ئەوئازادییەشدا، بەفێر بوون‌وخەریک‌بوون‌و ئەنجامدان وپەیرەوکردنی‌داب‌ودەستووری‌ئەئایین‌و بڕوایە بە پەنهانی یا ئاشکراو بەتەنێ تا بە کۆمەڵ، ئازادە.

بەندی ١٩
هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروڕا دەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆ تێکەڵ کردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵ‌و بیروباوەڕ بڵاوکردنەوەیان‌بە هەر شێوەیەک‌و بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جۆگرافی دەگرێتەوە.

بەندی ٢٠
١. هەموو کەسێک مافی ئازادی و بەشدار بوونی کۆمەڵەو دەستەو تاقمە ئاشتیخۆازەکانی هەیە.

٢. نابێت هیچ کەسێک بۆ چوونە ریزی هیچ کۆمەڵەیەکەوە ناچار بکرێت.

بەندی ٢١
١.هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی هەیە لە بەرێو بردنی کاروباری گشتی‌وڵاتەکەیدا، راستە و خۆ یا نەهۆی نوێنەرگەلێکەوە کە ئازادانە هەڵدەبژیردرێن .

٢.هەموو کەسێک چوونیەک مافی وەرگرتنی کار و فەرمانبەرییەگشتییەکانی‌لەوڵاتەکەیدا هەیە .
٣.خواستی گەل‌سەرچاوەی دەستەڵاتی‌حوکومەتە ، ئەم‌خۆاستە بەشێوەی هەڵبژاردنێکی دروست‌ودیاریکراو دا و لەسەربناغەی دەنگدانی نهێنی‌ویەکسانی‌هەمووان‌دەردە بڕدرێ، یان بە هەر چەشنێکی دیکە کە ئازادی دەنگدان بپارێزێت .

بە ندی ٢٢

١. هەمووکەسێک کەئەندامی کۆمە ڵگەیەمافی بیمەی کۆ مەڵایەتی هەیەولە ڕێگەی داهاتی میللیو هەرەوەزی نیو نەیەوەیی و بە گوێرەی قانوون و دەستوور وداهاتی هەر دەوڵە تێک دەبێ مافی ئابووری و کۆمەڵایە تی و فەرهەنگی کەپێوستن بۆنێو و ئاوڕوو و گەشە کردنی ئازادانەی کەسێتی ، دابین بکرێن.

بەندی٢٣

١.هەموو کەسێک مافی کارکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاری هەیە لە سایەیمەرجگەلێکی ڕەواو ماقووڵدا، هەروەها مافی پاراستنی لە بێکاری هەیە .

٢.هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی مافی مزی چوونیەکی لە کاری چوونیەکدا هەیە .

٣.هەموو کەسێک کەکار دەکات مافی موو چەیەکی ڕەواو قایلکەری هەیە، مووچەیەک کە ژیانێکی شیاو لەبار و وەک مرۆڤێکی سەربەرز بۆ خۆیی و خێزانی پێویستیشدا ئامرازی دیکەی بخرێتە سەر بۆ بیمەی کۆمەڵایە تی.

٤.هەموو کەسێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی دامەزراندن و بوون بە ئەندامی سەندیکای هەیە .

بەندی ٢٤

١.هەموو کەسێک مافی پشوودان و کاتی ڤالا و بە تایبەت مافی دیاریکردنێکی لەباری سەعاتەکانی کارو مافی پشوودانێکاتی کاتی بە مووچەوە هەیە.

بەندی ٢٥

١. هەمووکەسێک مافیژیانێکی تێرای هەیە کەبەشی پارستنیلەش ساغیو خۆشگوزەرانی خۆیو خێزانی بکات ، ئەوەش خۆراکو پۆشاک و خانوو وچاودێری پزیشکیو هەروەها خزمەتەکۆمەڵایەتییە پێوستییەکان دەگرێتەوە. هەروەهامافی بینەکردنی ژیانی بێکاریو نەخۆشێو پەککەوتەییوبێوە«ژنیوپیاوی»و پیریولەدەستدانیئامرازیژیانبەهۆی هەڵو مەرجیدەرەکییەوە کەلەدەسەڵاتیلەکاتی مرۆڤ بەدەرەوەیە، هەیە.

٢. دایکو منداڵمافییارمەتیو چاوەدێرییەکیتایبەتییان هەیەو هەموو منداڵانیشئەگەر بە

ڕێگەی شەرعی یان ناشەرعیش لەدایک بووبن دەبێ هەمان پارێزگاریی کۆمەڵایەتییان هەبێت.

بەندی ٢٦

١. هەموو کەس مافی فێر بوونی هەیەو دەبێ بەلای کەمەوە پلە سەرەتاییوبنەڕەتیەکانی خۆێندن بە خۆڕاییبن و دەبێ خوێندنیسەرەتاییبەزۆر بێت خوێندنیهونەری و پیشەییش بڵاو بکرێتەوەو وەرگرتن لە خوێندنی بەرز، بەیەکسانیتەواو بۆ هەمووانو بە پێی توانست، هاسان بکرێت.

٢. دەبێ ئامانجی پەروەردە، پێگەیاندنێکیتەواوی کەسایەتی مرۆڤ بێ بۆپتەوکردنی ڕێزی مافەکانیمرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانو گەشەپێدانیلە یەکتێگەیشتنوچاوپۆشیکردنو دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلانو کۆمەڵەڕەگەزییانئایینێکانداو زێدەکردنی کۆششی نەتەوەیەکگرتووەکانبۆ پاراستنی ئاشتیبێت.

٣. باوکانودایکانخاوەنیمافییەکەمنلەهەڵبژاردنیشێوەیپەروەردەکردنیمناڵەکانیاندا.

بەندی ٢٧

١. هەموکەسێکمافیئەوەی هەیەبە ئازادی، هاو بەشیی ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگە بکات و چێژلەهونەر وەگرێوبەشداریپێشکەوتنیزانستیبکاتوسوودلەبەرهەمەکانیوەرگرێت.

٢. هەموکەسێکمافیپاراستنیبەرژەوەندیمەعنەویوماددی کە دەگەڕێتەوەبۆ بەرهەمە زانستی یان ئەدەبی یان هونەرییەکانی خۆی هەیە.

بەندی ٢٨

هەموو کەسێک شایستەی سیستمێکیکۆمەڵایەتی و نێونەتەوەیە کە لە سایەیدا هەموو مافو ئازادییەکانی کە لەم بانگەوازە دا نووسراون بە تەواوی وەدی بێت .

بەندی ٢٩

١. هەموو کەسێک بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە بەتەنێ لەوێ دەرفەتبەکەسایەتی ئەو دەدرێت کە گەشەیەکیئازادی تەواو بکات، بەرپرسیارە.

٢.بۆ مسۆگەر کردنی دانپێدانان و ڕێز لێگرتنی مافو ئازادییەکانی خەڵکی دیکەو بۆ وەدیهێنانی ئەنجامی ڕەوای دابو قانوونو بەرژەوەندی گشتیو ئاکار لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراسیدا، هەموو کەسێک لە بەکار هێنانیمافو ئازادییەکانیدا دەکەوێتە ژێر ئەو مەرجو چوارچێوانەی کە قانوونی گشتیبڕیاری دەدات.

٣.نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەم ماف و ئازادییانە دژ بە ئامانجو پرنسیپەکانی نەتەوە - یەکگرتووەکانبە کار بهێنرێن.

بەندی ٣٠

هیچ دەقێکی ئەو بانگەوازە نابێت وا لێک بدرێتەوە کەڕێگە دەداتە دەوڵەتێک یا کۆمەڵێک یا تاکە کەسێک کە چ مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چالاکی یان کارێک بکەن بە مەبەستی تێکدانی مافو ئازادییەکانی نێو ئەو بانگەوازە.

هەڵبژاردەلە کتێبی :

Danezana Gerduni Ya Mafen Mirov
Wesanen DOZ
Peyheva Mafen Mirov : 1